# ئاسۆی کتێبخانە

بڵاوکـراوەیەکی مانگانەی تایبەتمەندە بەزانستی کتێبخانەو زانیارییەکـان
کتێبخانەی گشتیی سلێمانی دەریدەکات
ژمارە (١٩)  ٢٠١١/٤/١٣

## قوتابخانەکان روو لە کتێبخانەی گشتیی عەربەت دەکەن



**ئاسۆی کتێبخانە**

وەك بەرنامەیەکی ساڵانە، کتێبخانەی گشتیی عەربەت، بەمەبەستی هاندانی قوتابیانی شارۆچکەکە بۆ خوێندنەوەو هامشۆکردنی کتێبخانە پلانێکی نوێیان گرتۆتەبەر، ئەویش سەردانی مەیدانیی قوتابخانەکانی عەربەتە.

بۆ ئەو مەبەستە لێپرسراوی کتێبخانەکەو بەشێك لە کارمەندان سەردانی ژمارەیەك لە خوێندنگاکانیان کردو وێڕای باسکردنی بایەخی سوودوەرگرتن لە کتێبخانە، تیشکیان خستە سەر سیستمی خواستنی کتێب، تا لە ناوەوەو دەرەوەی کتێبخانەکەدا قوتابیان سوود لە سەرچاوەکان وەربگرن.

لە ئامارێکی کتێبخانەدا، ئاماژە بەوە کراوە کە لە دوو مانگی رابردوودا کۆی ١٧١٨ کچ و کوڕی قوتابی سەردانی کتێبخانەکەیان کردوە.

## ژمارەی سپاردن بۆ (٢٤٨) کتێبی نوێ

**تابان**

لەهەر سێ مانگی (کانونی دووەم و شوبات و مارت) ی ساڵی ٢٠١١ دا، بەشی سپاردنی کتێبخانەی گشتیی سلێمانی، ژمارەی سپاردنی بەخشیوەتە ( ٢٤٨) کتێب لەبوارە جیاجیاکاندا.

بەڕێز کارزان شێرکۆ، لێپرسراوی بەشی سپاردن ئاماژەی بۆ بابەتی کتێبەکان کرد لە ماوەی ئەو سێ مانگەدا، کە بەمجۆرە بوون:

زانستە گشتییەکان/ ١٢ کتێب، فەلسەفە/٨ ، ئایین/٤٦ ، زانستە کۆمەڵایەتییەکان/٤٨ ، زمان/١٢ ، زانستە پراکتییەکان/٥ ، هونەرە جوانەکان/ ١٤ ، ئەدەبیات/٦٥ ، مێژوو/٢٧ ، جوگرافیا/٥ ، یاداشت/٦ .

جێگەی ئاماژە پێدانە کە (١٧٧) لەم کتێبانە بابەتی نووسراون و (٧١) کتێبیشیان بابەتی وەرگێڕانن.

## لە کتێبخانەی گشتیی بازیان فێستیڤاڵی ساڵانەی هونەریی سازدەکرێت



**رامان مەحمود/ بازیان**

بە ئامادەبوونی هەریەك لە بەڕێوەبەری ناحیەی بازیان و بەڕێوەبەری گشتیی پەروەردەی سلێمانی و بەڕێوەبەری پەروەردەی مەڵبەندی سلێمانی و بەرپرسانی سنوورەکە، فیستیڤاڵی ساڵانەی هونەریی لە بازیان رۆژی ٢٠١١/٤/٣ لە کتێبخانەی گشتیی بازیان بەبەشداریی (٢٣) خوێندنگای سنووری ناوچەکە، کە (٥) یان ئامادەیی و (١٨) یشیان خوێندنگای بنەڕەتی بوون و بە ئامادەبوونی ژمارەیەکی زۆر لە خوێندکارانی خوێندنگاکان کرایەوەو چەندین ئیشی هونەریی لە تابلۆو ئیشی دەستی تێدا نمایش کرا.

مامۆستا مەحمود حەمە سەعید لێپرسراوی لیژنەکان لە کەرتی بازیانی یەکێتی مامۆستایانی کوردستان سەبارەت بەئامانج لە فێستیڤاڵەکە بە(ئاسۆی کتێبخانەی) راگەیاند: مەبەست لەمجۆرە فێستیڤاڵانە بەپلەی یەکەم گەشەدانە بەخواست و ئارەزووی هونەریی خوێندکاران و دەرکەوتنی بەهرەی هونەرییان.

کتێبخانەی گشتیی بازیان، لە پاڵ ئەرکەکانی خۆیدا، ئەم جۆرە هاوکارییانەش دەکات لە پێناوی بوژاندنەوەی هونەری و روناکبیریی ناوچەکەدا.

## کتێبخانەی گشتیی بۆ مێرگەسوورو ئاشتی

سەرچاوەیەك لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان پێی راگەیاندین، لە ئاییندەیەکی نزیکدا بەبۆنەی رۆژی جیهانیی کتێب (٤/٢٣)، بەڕێوەبەرایەتییەکەمان لە پلان و بەرنامەیدایە دوو کتێبخانەی گشتیی لە هەردوو ناحیەی (مێرگەسوور)و (ئاشتی) بکاتەوە، کە لەئێستادا بڕێك کەلوپەل و کتێب و گۆڤار بۆ ئەم دوو کتێبخانەیە دابینکراوە، هەروەها بەهەمان شێوە بەڕێوەبەراتییەکەمان بەنیازە لەدوای پەسەندکردنی بودجەی ساڵانە، چەندین کتێبخانەی گشتیی تر لەناوچەو شارۆچکە جیاجیاکانی تری هەرێمی کوردستان بکاتەوە. جێی ئاماژەیە کتێبخانەی گشتیی (مێرگە سوورو) سەر بە بەڕێوەبەرایەتی کتێبخانە گشتیەکانی هەولێرەوەو کتێبخانەی گشتی (ئاشتی) سەر بە بەڕێوەبەرایەتی کتێبخانە گشتییەکانی کۆیەیە.

## نووسەری رۆمانی(رۆژانی ئەسکەندەرییە) لە کتێبخانەی ئەسکەندەرییە

بەشی فرانکفۆنی لە کتێبخانەی ئەسکەندەرییە، رۆژی ٢٠١١/٣/٣٠ بەهاوکاریی دەزگای بڵاوکردنەوەی أم الدنیا، کۆڕێکی ئەدەبیی بۆ نووسەری رۆمانی(رۆژانی ئەسکەندەرییە)، نووسەری یۆنانیی فرانکفۆنی(دیمتریس ستیفانکس) سازکردو تیایدا نووسەر باسێکی سەبارەت رۆمانەکەی بەزمانی فەڕەنسی پێشکەش کرد.

(لە لاپەڕە/٣دا راپۆرتێك دەربارەی کتێبخانەی ئەسکەندەرییە دەخوێنیتەوە).




## ژنانی رووسیا بۆ پەیداکردنی پیاوان بەکتێبخانەکاندا دەگەڕێن



**الشرق الأوسط**

بەپێی ئەنجامە بەراییەکانی دوا ئامار لە رووسیا، کارەساتی کەمبوونەوەی پیاوان لە رەگەزی رووسەکان لەو وڵاتەدا دەردەکەوێت، لەو وڵاتەدا کە بەرێژەیەکی زۆر نەتەوەی جیاواز تیایدا دەژین. بەپێی ئامارەکە لە ٢٠١٠دا ژمارەی پیاوان لە رەگەزی رووس نزیکەی ١٤٣ ملیۆن بووە، لەکاتێکدا ئەو ژمارەیە لەساڵی ٢٠٠٢دا گەیشتبووە زیاتر لە ١٤٥ ملیۆن.

چاودێران لە مۆسکۆ ئەوە رادەگەیێنن کە بڵاوبوونەوەی ژنان لە کتێبخانە گشتییەکاندا بەمەبەستی پەیداکردنی(رێبەری پەیداکردنی پیاوان) بەرێژەی بەرچاو روو لە زیادبوونە.

ئەویش بۆ دۆزینەوەی کەسی گونجاو بۆ ژیان و هاوسەرگیرییان بەسوودوەرگرتن لەو رێبەرانە کە ناو و ناونیشان و وێنەی کوڕە رووسەکانی تێدا بڵاوبۆتەوە..

## پێشنیازێک

### رۆژی جیهانیی کتێب و کتێبی کوردی

رێکخراوی یونسکۆ، ساڵی ١٩٩٥ بڕیاریدا هەموو ساڵێك رۆژی ٤/٢٣ بکرێتە (رۆژی جیهانیی کتێب)، هاوکات ببێتە بۆنەیەك بۆ پاراستنی مافی نووسەران، ئەویش وەك مافێکی رەوای خۆیان و بەرهەمەکانیان تاوەکو زیاتر خوێندنەوە لەناو کۆمەڵگاکانی سەر رووی زەمیندا بەرفراوانتر ببێت و کتێبیش رێزو شکۆداریی خۆی هەبێت.

هەرچەندە لەرابردوودا وەزارەتی رۆشنبیریی چەند ساڵێك ئەو بۆنەیەی بەرز نرخاندووە و تیایدا سیمیناری پێویست پێشکەش بەژمارەیەك لە نووسەرو ئەدیبان کراوە.

بەڵام گەر پێشوازیی لەم بۆنەیە لای ئێمە بەراورد بکەین بەوڵاتانی دی، کە خوێندنەوەو کتێب سەنگی خۆیان هەیە، دەبینین شتێکی ئەوتۆ نەکراوەو ئەم رۆژە مافی پێویستی خۆی نەدراوەتێ.

ئێستا، کە بەبڕوای ئێمە سەردەمی زێڕینی کتێبی کوردییە، بەنووسراو و وەرگێڕاوەوە، هەق وایە حکومەتی هەرێم و دەزگاکانی چاپ و بڵاوکردنەوەو رێکخراوی وەك یەکێتی نووسەرانی کورد بایەخی زیاتر بەم رۆژە بدەن و کار بۆ ئەوە بکرێت وەك گەلێك بۆنەی دی، ئەم رۆژە لە کۆمەڵگای کوردەواریدا ببێتە رۆژێکی درەوشاوەو بۆنەکە کاریگەریی خۆی جێبهێڵێت.

**سەرنووسەر**



4 زانستی زانیارییەکان


6-7 کتێبخانەی فانکۆڤەر


11 رۆڵی پسپۆڕی کتێبخانە